# ئەنجومەنی نوێنەران دانیشتنی خۆی بۆ سبەی دووشەممە دواخست



ئەمڕۆ یەکشەممە سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریدا دانیشتنی پەرلەمان بۆ سبەی دووشەممە دوابخرێت.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : سەرکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران دانیشتنی ئەنجوومەنی کە ئەمڕۆ بەڕۆژوو، بۆ سبەی دووشەممە دواخست.

ئاماژەی بۆشکرد : لە دانیشتنەکەدا موختار مەحمود موسوی وەك نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەران سوێندی دەستوری خوارد و ئاماژەی بۆشکرد : دانیشتنەکە شایەتحاڵی گفتوگۆی گشتی بوو سەبارەت بە چالاککردنی ڕۆڵی چاودێریکردنی پەرلەمانتاران.